# ئـــاگاداریی

## لـه ”دەستەی داكۆكیی لـه داخوازییەكانی خەڵك” ـەوە

## بۆ سەرجەم دانیشتووانی شاری سلێمانی

كرێكاران ، فەرمانبەران ، كاسبكاران ، لاوان ، ژنان و جەماوەری تورە و نارازیی شاری سلێمانی.

خۆتان ئاگادارن كە چەند رۆژێكە لـە بەرامبەر كـەمیی كارەبا و گرانیی سوتەمەنیی و بەرزبوونـەوەی رۆژبەرۆژی نرخی بـازار و گەنـدەڵـیی ، ناعەدالـەتیی ، كەمترخـەمیی و بێدەربەسـتیی دەسـەڵاتداراندا، زۆربەی شوێنەكانی كوردستان دەستیان داوەتـە خۆپێـشاندان و داوای چارەسـەری ئـەو كێـشانە دەكـەن ، بەڵام بەداخەوە لـە هەموو شوێنەكان بە دەستڕێژی هێزەكانی ناوخۆ و گرتن و لێدان وەڵامیان دراوەتەوە!

ئێمە وەك دەستەی داكۆكیی لـە داخوازییەكانی خەڵك:

1 ـ بۆ ئەوەی بیانووی ئـەوە ببڕین كـە دەڵـێن خۆپێـشاندەران پـەلاماری دامودەزگاكـان و مومتەلـەكاتی حكومەتیان داوە!

2 ـ بۆ پاراستنی گیانی خەڵك لـە دەستدرێژیی و دەستڕێژی هێزەكانی ناوخۆ!

3 ـ بۆ رێزگرتن لـە خوێنی رژاوی هەموو ئەوانەی بۆ بـەدیهێنانی مافە سـەرەتاییەكانی خـەڵك گیـان و جەستەی خۆیان كردە قەڵغان!

4 ـ بۆ نیشاندانی نارەزایی دژی تەقەكردنی نامەسئولانە لـە خۆپێشاندەرانی بێچەك!

5 ـ بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵات ، تا مل بە داخوازییە رەواكانی خەڵك بدات!

پێشنیاری مانگرتنی گشتیی دەكەین و بانگەوازتان دەكەین كە رۆژی یەكشەممە رێكەوتی 2006/8/13 لـە ماڵـەكانی خۆتاندا بمێننەوە و مەچنە سەر كار ، دوكـان و بازاڕەكـان دابخـەن و دەوامـی فەرمانخـەكان بوەستێنن.

داواتان لێدەكەین ئەم بانگەوازە بە ناو خەڵكدا بڵاوبكەنەوە.

سەركەوتن هەر بۆ بەرەی جەماوەرە

دەستەی داكۆكیی لـە داخوازییەكانی خەڵك

2006-8-8